بەشی یەکەم

جێنشینی (الخلافة)

باسی یەکەم:

سیستمی خیلافەت

بیرۆکەی یەك نەتەوەی و یەك فەرمانڕەوای کە یاساو ڕێسای ئیسلامی تیا بالاّ دەست بێت، هەروەها ئارەزوی بەهێزی گەیاندنی پەیامی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنووری خۆی، جێگیربوو بوو لای بژاردەی موسڵمانان، کاتێك ڕووبەڕووی ڕووداوی دڵتەزێنی لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ بوونەوە.

ئەنەسی کوڕی مالیك دەربارەی کارتێکردنی ئەو ڕووداوە لە دەروونی هاوەڵاندا دەفەرمویێت: ".. لما كان اليوم الذي قدم رسول الله ﷺ المدينة أضاء منها كل شيء، فلما كان اليوم الذي مات فيه أظلم منها كل شيء.. وما نفضنا عن رسول الله ﷺ الايدي حتي انكرنا قلوبنا..".[1]

واتە: ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر ﷺ هاتە مەدینە هەموو شتێکی تیا ڕووناك بوویەوە، ئەو ڕۆژەش تیایدا کۆچی دوای کرد تاریکی باڵی ڕەشی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا، دەستیشمان لە خۆڵی ئارامگاکەی نەتەکاند تاکو هەستمان کرد دڵەکانمان گۆڕاوە.

تەنانەت بە هۆی واق وڕمانەوە، عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) دەیووت: "والله مامات رسول الله ﷺ وليبعثنه الله فليقطعن ايدي رجال ارجلهم[2] ولكن ربه ارسل اليه كما ارسل الى موسى، فلبث عن قومه أربعين ليلة[3] وأخذ بقائم سيفه وقال: لا أسمع احد يقول مات رسول الله الا ضربته بسيفي هذا". واتە: سوێند بە خوا پێغەمبەر ﷺ نەمردووە، خوای گەورەش دەینێرێتەوەو دەستو قاچی کەسانێك دەبڕێت کە دەڵێن مردووە، بەڵکو خوای گەورە ناردویەتی بە دوایدا. وەکو چۆن ناردی بە دوای موسا، کە چل ڕۆژ لە نەتەوەکەی دواکەوت ئینجا عومەر کردی

---

١) أحمد: المسند ٣: ٢٢١، والترمذي: سنن ٥: ٥٨٨ وقال: حديث غريب صحيح، وإبن ماجة: السنن ١: ٥٢٢، وقال ابن كثير: إسناده على شرط الصحيحين (البداية والنهاية ٥: ٣٠٨).

٢) البخاري: الصحيح ٥: ٨.

٣) عبدالرزاق: المصنف ٥: ٤٣٣ باسناد صحيح، وابن سعد: الطبقات الكبرى ٢: ٢٦٦، ٢٦٩، باسناد رجاله ثقات.

بە مشتی شمشێرەکەیداو وتی: گوێم لە هەر کەس بێت بڵێت پێغەمبەر ﷺ مردووە بەم شمشێرە لی دەدەم.

خەڵکیی داوایان لە سالمی کوڕی عوبەیدی ئەشجەعی کرد ئەبوبەکر بانگ بکات (ڕەزای خوای لێبێت)، جا لە مزگەوت بینیو هەواڵی مردنی پێغەمبەر ﷺی پێ ڕاگەیاند،[1] دوای ئەوەی ئەبوبەکر چووە ژوورەکەی عائیشەو ڕوومەتی پێغەمبەر ﷺی دەرخست، کە بە پۆشاکێك داپۆشرابوو پی دەگووترا (برد حبرة) ئەمجار ماچی کردو گریاو وتی: "باوكو دایکم بە قوربانت بێت، بۆنت خۆشە بە زیندویو بە مردووی" دوای ئەوە لە وتارێکدا مردنی پێغەمبەر ﷺی ڕاگەیاندو فەرمووی: هەرکەسێك موحەممەدی دەپەرست ئەوا موحەممەد مرد، هەرکەسێکیش خوای گەورەی دەپەرست، ئەوا خوا زیندووەو هەرگیز نامرێت، دواتر ئایەتێکی لە قورئانی پیرۆز خوێندەوەو موسڵمانان دەستیان کرد بە گریان".[2]

لەو ڕووداوەدا، زانیارییو دڵ دامەزراویی و ئازایو جوانیی بیروبۆچوونی ئەبوبەکر بە ئاشکرا دەرکەوت.[3]

سەرەڕای ئەو واق وڕمانەی تووشی بژاردەو موسڵمانان بوو بە گشتیی، گرنگی ڕاگرتنی دەسەڵات لە ئیسلامدا وایلێکردن جووڵە بکەن بە ئاڕاستەی فەرمانڕەوایەك تەنانەت پێش بە ڕێخستنی تەرمی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ بەرەو ئارامگای، لەوانەشە هۆکاری ئەو جموجووڵە خێرایە پەیبردنی بژاردەی موسڵمانان بێت بە ترسناکی ئەو بارودۆخەی دەوربەری قەوارەی ئیسلامی دەدا، کە تەنها دە ساڵی بەسەر تێپەڕ بووبوو، کە تیایدا دەوڵەتەکە بنیات نراو فراوان بوویەوە و پشتیوانانی زۆر بوون لە نێو هەرسێ شارەکانی حیجاز، بە تایبەت لە کاتێکدا هۆزە گەورەکان بڵاوەیان کردبوو لە ساراو لادێکانی دەوربەری ناوەندە ئیسلامیەکان لە هەموو لایەك.

ڕێخەرە شەرعیەکانی هەڵبژاردنی بەرپرسی یەکەم بۆ دەوڵەت، لەوە خۆی دەبینێتەوە کە لە هۆزی قوڕەیش بێت، هەروەها سەنگینی کەسەکە، ئەویش بریتی بوو لە دێرینی لە ئیسلامو خزمەتی بۆ

---

١) الترمذي: الشمائل المحمدية ٣٠٨، والنسائي: كتاب الوفاة ٧٣ و صححه الالباني (مختصر الشمائل المحمدية ١٩٨)، والطبراني: المعجم الكبير ٧: ٥٦ وقال الهيثمي: رجاله ثقات (مجمع الزوائد ٥: ١٨٢).

٢) البخاري: الصحيح ٢: ٩٠ و ٥: ٨، ١٦: ١٧.

٣) ابن حجر: فتح الباري ٧: ٣٠ء ٨: ١٤٦.

پەیامو دەوڵەتەکەی، ئینجا پلەو پایەی ئەو کەسە لای پێغەمبەر ﷺ، لەگەڵ گونجانی کۆمەڵبەستنی موسڵمانان، یان زۆربەیان، سەبارەت بە سەرداریکردنی بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەتو جێنیشینی پێغەمبەر ﷺ.

بژاردەی موسڵمانانیش بریتی بوون لە کۆچکردووەکان (المهاجرون) کە دەیانڕوانیە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) و هەندێکیان لەگەڵ عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) سەرقاڵی بەڕێکردنی تەرمی پێغەمبەر ﷺ بوون، هەروەها پشتیوانان (الأنصار) کۆبوونەوە لە دەوری سەرکردەکەیان سەعدی کوڕی عوبادە لە سەقیفەی بەنی ساعیدە، بۆ تاوتوێ کردنی هەڵوێستی نوێ، جا لەبەرئەوەی پشتیوانان دانیشتووی ڕەسەنی شاری مەدینە بوونو پەنای کۆچبەرانیان داوەو ئاینی ئیسلامیان بە گیانو بە ماڵ سەرخستووەو هەلی ئۆقرەگرتنو پەرسەندنیان بۆ دەستەبەر کردوون، هەروەها ناسراون بە فیدارکارییو ئارامگرتن و قوربانیدان، ئایا مافی سەرکردایەتی دەوڵەتو چاودێری ئیسلامیان نی یە؟

هەواڵی کۆبوونەوەی ئەنصارەکان لە سەقیفەی بەنی ساعیدە گەیشتە موهاجیرەکان لە کاتێکدا کە ئەوانیش کۆبووبوونەوە لەگەڵ ئەبوبەکر بۆ پاڵاوتنی جێنشینی پێغەمبەر[1] ﷺ. موهاجیرەکان لە نێو خۆیاندا وتیان: "انطلقوا بنا الى اخواننا من الانصار، فان لهم في هذا الحق نصيباً".[2] واتە: با بچین بۆ لای برا ئەنصارەکانمان، چونکە ئەوانیش لەم مافەدا بەشیان هەیە.

عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) وتی: "فانطلقنا نريدهم، فلما دونونا لقينا منهم رجلان صالحان، فذكر ما تمالأ عليه القوم، فقالا: اين تريدون يا معشر المهاجرين؟ قلنا: نريد اخواننا هؤلاء من الانصار، فقالا: لا عليكم الا تقربوهم، اقضوا امركم، فقلت والله لنأتينهم، فانطلقنا حتى اتيناهم في سقيفة بني ساعدة، فاذا رجل مزمل بين ظهرانيهم، فقلت من هذا؟ فقالوا: سعد بن عبادة، فقلت: ماله؟ قالوا: يوعك".[3]

---

١) البخاري: الصحيح ٨: ٢١٠، وعبدالرزاق: المصنف٥: ٤٣٩، وابن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ٦١٥، والترمذي: الشمائل المحمدية ٣٠٨، والنسائي: كتاب الوفاة ٧٥، والطبراني: المعجم الكبير ٧: ٥٦، وإبن أبي شيبة: المصنف ١٤: ٥٦٥، وصرح إبن إسحاق بالسماع كما في فتح الباري ١٢: ١٥٣ لإبن حجر.

٢) الترمذي: الشمائل المحمدية ٣٠٨، والنسائي: كتاب الوفاة ٧٥، والطبراني: المعجم الكبير ٧: ٥٦ وصححه الالباني (مختصر الشمائل ١٩٨).

٣) البخاري: الصحيح ٨: ٢١٠.

واتە: پاشان چووینە لایان، کاتێك لیان نزیك بووینەوە دوو پیاوچاکمان تووش بوو لە ئەوانو باسی ئەوەیان کرد کە لەسەری پێکهاتوون، وتیان: بۆ کوێ دەچن، ئەی کۆمەڵی موهاجران؟ وتمان دەچینە لای برا ئەنسارەکانمان، وتیان: چاکترە نزیکیان نەکەونەوە، هەڵسن بە کاری خۆتان، وتم: سوێند بە خوای گەورە دەچینە لایان، بینیمان کەسێك لە نێوانیاندا داپۆشراوە، وتم ئەوە کیە؟ وتیان: سەعدی کوڕی عوبادەیە، وتم: چیەتی؟ وتیان: نەخۆشە".

ئەو دوو پیاوەیش ناویان بە راشکاوی لە هەندێ ریوایەتی صەحیحدا هاتووە کە عوەیمی کوڕی ساعیدەو مەعنی کوڕی عەدی[1] بوون، هەڵوێستیشیان بەڵگەیە لەسەر نەبوونی یەکهەڵوێستیی لای ئەنصارەکان.[2]

وا دەردەکەوێت ژمارەی موهاجیرەکانیش کە چوونە سەقیفەوە کەم بووە، لەوانەشە سەرەتا ئەبوبەکرو عومەر و ئەبوعوبەیدە چووبێتنە ژوورەوە و موهاجیرەکان بە دوایاندا.[3]

مشتومڕێکی زۆریش لە نێوان هەردوولا دروست بوو سەبارە بە مافدارێتی هەر لایەنێك بۆ وەرگرتنی خیلافەت، یەکێك لە ئەنصارەکان باسی ئەو مافدارێتیە دەکاتو دەڵێت: "اما بعد فنحن انصار الله، وكتيبة الاسلام، وانتم معشر المهاجرين رهط، وقد دفت دافة من قومكم، فاذا هم يريدون ان يختزلونا من اصلنا، وان يخصونا من الامر".[4]

واتە: ئێمە پشتیوانانی خواینو دەستە سوارەی ئیسلامین، ئێوەش ئەی دەستەی کۆچکردووەکان کۆمەڵێکن، کەسوکارەکانتان بە ژمارەیەکی کەمەوە دەیانەوێت دامانبڕنو تاکڕەویی بکەن لە دەسەڵاتو ئێمەی لێوەدوور بخەن.

بەڵام موهاجیرەکان ئەبوبەکر بە هێمنیو سەنگینی لە جیاتی ئەوان قسەی کردووە ـ وەکو عومەر وەسفی کردووە ـ وتی: "ماذكرتم فيه من خير فأنتم له أهل، ولن يعرف هذا الامر الا لهذا الحي من قريش، هم أوسط العرب نسباً وداراً، يا معشر الانصار انا والله ماننكر فضلكم، ولا بلاءكم في الاسلام، ولا حقكم الواجب علينا، ولكنكم عرفتم ان هذا الحي من قريش بمنزلة من العرب ليس بها

---

١) عبدالرزاق: المصنف٥: ٤٤٥، وابن أبي شيبة: المصنف ١٤: ٥٦٣، واحمد: المسند ١: ٥٦، والبخاري: الصحيح ٥: ١١٠.

٢) إبن حجر: فتح الباري ١٢: ١٥١.

٣) إبن حجر: فتح الباري ١٢: ١٥٣.

٤) البخاري: الصحيح٨: ٢١٠.

غيرهم، وان العرب لن تجتمع الا على رجل منهم، فنحن الامراء وأنتم الوزراء، فاتقوا الله ولا تصدعوا الاسلام، ولا تكونوا اول من أحدث في الاسلام".[1]

واتە: ئێوە شایستەی هەموو چاکەیەکن دەربارەتان وتراوە، بەڵام ئەم فەرمانە نابێت بۆ کەس بێت جگە لە ئەم گەڕەکەی قوڕەیش، ئەوان لە رووی هەوارو نەژادەوە ناوەندی عەرەبن، ئەی دەستەی ئەنصار، سوێند بە خوا ئێمە نکوڵی ناکەین لە چاکەو پیاوەتی ئێوە، نە لە مەینەتی ئێوەش لە پێناو ئیسلامو نە لەو مافانەیش کە لە سەرمانە، بەڵام ئێوە دەزانن کەس لە نێو هەموو عەرەب ناگاتە پلەو پایەی هۆزی قوڕەیش، عەرەبیش کۆنابنەوە بە دەوری یەك پیاو نەبێت، بۆیە ئێمە فەرمانڕەواینو ئێوەش یارمەتیدەرو پشتیوان، لە خوا بترسنو یەکڕیزیی ئیسلام شەق مەکەنو مەبنە یەکەمین کەسانێك کە رووداو لە نێو ئیسلام دابهێنن.

هەندێ ریوایەتی لاوازیش هاتووە ئەوە دەگەیەنن کە موهاجیرەکان لەم بارەوە نارەزایان لە دژی ئەنصارەکان پیشان داوە پاڵپشت بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ (قريش ولاة هذا الامر).[2]

واتە: فەرمانڕەوای موسڵمانان بۆ قوڕەیشە.

بەڵام وادەردەکەوێت ئەم فەرموودەیان لەیادنەبووبێت، یان ئەوەیە ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) ئاماژەی پێکردووە لە نێو قسەکانیدا هێنانەوەی فەرموودەیش وەکو بەڵگە بەهێزتر بوو، چونکە مەسەلەکە لە بەرژەوەندیی موهاجیرەکان یەکلادەبوویەوەو مشتومڕ کۆتای پێدەهات.

ئەنصارەکان لە گۆشەیەکەوە دەیانڕوانیە مەسەلەی خیلافەت کە سنووردار بوو بە بارودۆخی کۆمەڵی مەدینەو پەیوەندی یە مێژووی یەکانی نێوان هەردوولا، بەڵام موهاجیرەکان لە روانگەیەکی فراوانترو لەسەر ئاستی تێکڕای دەوڵەتەکە تەماشای ئەم مەسەلەیەیان دەکرد، هەروەها ئەوەیان لەبەر چاو دەگرت کە دەرچوونی دەسەلات لە دەستی قوڕەیش چ ئاکامێکی ترسناکی لێ وەدەردەکەوێت، عەرەب بە سەرکردایەتی ئەوان قایل دەبن، بەڵام ئەگەر ئەنصارەکان فەرمانڕەوایان گرتە دەست، ئەوا مەترسی دروستبوونی وەها قڵیشانەوەیەك دروست دەبێت، ببێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی.

---

١) إبن أبي شيبة: المصنف ١٤: ٥٦٣ وصرح إبن إسحق بالسماع كما في فتح الباري ١٢: ١٥٣.

٢) أحمد: المسند١: ٥ باسناد رجاله ثقات لكنه من مرسل حميد بن عبدالرحمن الحميري وهو ثقة فقيه، وحسنه البزار وابن تيمية (إبن تيمية: منهاج السنة النبوية١: ٥٣٦، والمتقي الهندي: كنز العمال ٥: ٦٣٨ عن إبن المنذر).

هەندێك لە ئەنصارەكان بیرۆكەی ئەوەیان خستەڕوو گوایە دوو فەرمانڕەوا دیاریی بكرێت لە هەردوولا[1] بەڵام ئەبوبەكر (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموی: "لا، ولكنا الامراء وانتم الوزراء"[2] واتە: نەخێر، بەڵكو ئێمە فەرمانڕەواینو ئێوە یارمەتیدەرو پشتیوانمانن". عومەریش فەرمووی: "سیفان في غمد واحد!! إذاً لا يصلحان" واتە: دوو شمشێر لەیەك كێلانەدا هەرگیز ڕێك ناكەوێت.[3]

ئالێرەدا یەكێك لە نووسەرانی سرووش كە زەیدی كوڕی سابیت بوو وتی: "ان رسول الله ﷺ كان من المهاجرين، ونحن أنصارهم كما كنا انصار رسول الله ﷺ".

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە موهاجیرەكان بوو، ئێمەش پشتیوانی ئەوان بووین، وەكو چۆن پشتیوانی پێغەمبەر ﷺ بووین، ئەمجا ئەبوبەكر (ڕەزای خوای لێبێت) وتی: ".. جزاكم الله من حي يا معشر الانصار، وثبت قائلكم، والله لو فعلتم غير ذلك لما صالحناكم".[4]

واتە: خوا پاداشتی چاكەتان بداتەوەو بێژەرتان دابمەزرێنێ، سوێند بە خوا جگە لەم كردارەتان كردبا لەگەڵتان ڕێكنەدەكەوتین.

بەم شێوازەش هۆزی خەزرەج خۆیان دابەزین لە بۆچوونەكەیان وەدووی ڕاستیی كەوتنو ڕەچاوی بەرژەوەندیی ئیسلامیان كرد. دابەزینەكەشیان لەبەر ئەوە نەبوو گوایە هۆزی ئەوس ئارەزوویان لە فەرمانڕەوای هۆزی خەزرەج نەبوو، وەكو ئەبو میخنەفی مێژوونووس بانگەشە دەكات[5] .

---

١) احمد: المسند ٥: ١٨٥ باسناد صحيح، وإبن سعد: الطبقات ٣: ٢١٢، وغبن أبي شيبة: المصنف ١٤: ٥٦١، والبلاذري: أنساب الاشراف (الشيخان) ٦٥، والطبراني: المعجم الكبير ٥: ١١٤. وصححه إبن كثير: البداية والنهاية ٥: ٢٨١.

٢) البخاري: الصحيح ٥: ٨.

٣) الترمذي: الشمائل المحمدية ٣٠٨، وصححه الالباني (مختصر الشمائل ١٩٨)ـ والنسائي: كتاب الوفاة: ٧٥، والطبراني: المعجم الكبير ٧: ٥٦.

٤) أحمد: المسند ٥: ١٨٥ باسناد صحيح، وابن أبي شيبة: المصنف ٤: ٥٦١، وإبن سعد: الطبقات ٣: ٢١٢، والبلاذري: أنساب الاشراف ٦٥، والطبراني: المعجم الكبير ٥: ١١٤. وصححه إبن كثير: (البداية والنهاية ٥: ٢٨١).

٥) الطبري: تأريخ ٣: ٢٢١ـ ٢٢٢ عن أبي مختف.

باسی دووەم:

خیلافەتی ئەبوبەکر ((ڕەزای خوای لێبێت))

پاش ئەوەی راوبۆچوون لەسەر ئەوە جێگیر بوو یەکێ لە موهاجیرەکان بۆ جێنشینیی دەشتنیشان بکرێت، ئەبوبەکر هەڵسا بە پاڵاوتنی یەکێك لە نێوان دوو کەسدا: عومەرو ئەبوعوبەیدە، عومەر وتی: "بل نبايعك أنت، فانت سيدنا وخيرنا، واحبنا الى رسول الله ﷺ".[1]

واتە: بەڵکو بەیعەت بە تۆ ئەدەین، تۆ سەرگەورەو چاکترینی هەمووماانی، هەروەها خۆشەویسترین کەس بووی لای پێغەمبەر ﷺ.

هەروەها چاکەو جوامێریی ئەبوبەکری وەبیرهێنایەوە و وتی: "ألستم تعلمون ان رسول الله ﷺ قد أمر أبابكر أن يصلي بالناس، فأيكم تطيب نفسه أن يتقدم أبابكر؟ قالوا نعوذ بالله أن نتقدم أبابكر".[2]

واتە: ئایا نازانن کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە ئەبوبەکر کرد کە پێشنوێژی موسڵمانان بکات؟ کامتان دڵتان ڕێگەتان دەدات پێشی ئەبوبەکر بکەون، وتیان: پەنا ئەگرینە خوا پێشی ئەبوبەکر بکەوین.

"بە بەرچاوخستنی ئەو ریوایەتە راستانەی پێمان گەیشتووە سەبارەت بە کۆبوونەوەی سەقیفەو بەیعەتدان بە ئەبوبەکر وەك خەلیفەیەك، وا دەردەکەوێت کۆبوونەوەکە درێژخایەن نەبوو، چەنوچوونی زۆریش نەکەوتە نێوان موهاجیرو ئەنصارەکان، یان ململانێ لەسەر وەرگرتنی خیلافەت، یان بەکارهێنانی توندوتیژیی و هەڕەشەو بەیەکداچوون لە نێوان ئامادەبوواندا، چونکە هەندێ هەواڵی نادروست کۆبوونەوەی سەقیفە بەو شێوازە دەردەخات و نووسەرە هاوچەرخەکانیش ئەو هەواڵانەیان وەکو خۆی گواستووەتەوە،[3] رووی گەشی ئەو کۆبوونەوە مێژووی یە بەرێزەیان شێواند کە بڕیاری چارەنووسی خیلافەتو دەوڵەتی ئیسلامی تیا درا بە ئەوپەڕی ئازایەتییو هەستکردنی زۆر بە لێپرساوێتی کە لە سەرووی هەموو حەزو ئارەزوویەکەوە بوو.

---

١) البخاري: الصحيح ٨: ٢١١و ٥: ٨.

٢) النسائي: السنن ٢: ٧٤ـ ٧٥ وحسنه الالباني (صحيح سنن النسائي ١: ١٦٨). إبن سعد: الطبقات الكبرى٢: ٢٢٤و ٣: ١٧٨، وإبن أبي شيبة: المصنف ١٤: ٥٦٧، واحمد: المسند١: ٢١٣ (. شاكر) وصحيح إسناده أحمد شاكر، وله شاهد ١: ١٧٢ (ط. شاكر) وصححه أحمد شاكر. واحمد: فضائل الصحابة ١: ١٨٢ باسناد حسن.

٣) عبدالعزيز بن سليمان المقبل: خلافة أبي بكر الصديق ٤٢.

ئەوەی راستیی بێت ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) هیچ کاتێك سوور نەبوو لەسەر فەمانڕەوای، بەڵکو پێ ناخۆش بوو بەوکارە هەڵسێ بە بۆنەی ئاگاداربوونی لە مەزنی لێپرسراوێتی لە لای خواو مەترسی روودانی کەموکوڕیی تیایدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هاوەڵان دەیانزانیی ئەو لە هەمویان مافدارترو شیاوترە، چەندین جاریش باسی هەست و نەستی خۆی بۆ موسڵمانان دەکردو دەیگوت:

"والله ما كنت حريصاً على الامارة يوماً ولا ليلة قط، ولا كنت راغباً فيها، ولا سألتها الله عزوجل في سر و علانية، ولكني اشفقت من الفتنة، و مالي في الامارة من راحة، ولكن قلدت أمراً عظيماً مالى به من طاقة، ولابد الا بتقوية الله عزوجل، ولوددت أن أقوى الناس عليها مكاني اليوم".[1]

واتە: سوێند بە پەروەردگارم، هەرگیز رۆژێك یان شەوێك من سوور نەبووم لەسەر وەرگرتنی فەرمانڕەوای، نە ئارەزوویشم لی بووە، نە لە خوای گەورەشم داوا کردووە چی بە پەنهانی یان بە ئاشکرا، بەڵام من مەترسی ئاژاوەم بوو، ئەگەرنا ئاسوودەیم نی یە لە فەرمانڕەوای، ئەمە کارێکی مەزن بوو بە من سپێردراو لە توانامدا نی یە مەگەر بە یارمەتی و پشتیوانی خوای گەورە نەبێت، بریا کەسێکی لە من بە تواناتر لەم جێگایەم بوایە.

جا بڕوانە ئەم سۆزو هەستە بەتینە، چەند خاوەنێکی پایەبەرزو ئاگاداری هەیە بە مافەکانی خوای گەرەو موسڵمانان، ئەوەیە دینداریی پتەوو پشت بەستنی راستیی بە خوای گەورە، ئەوەیە خۆ بە کەمزانینو راستگۆی لە ئاواتو خۆزگەکانیدا، هیچ رێگەچارەیەکی نەبوو جگە لە قبووڵ کردنی خیلافەت لە پێناو سەرکردایەتیی موسڵمانان بەرەو یەکبوونو ئیمانو بەرزرکردنەوەی بەیداخی پەیامی ئیسلام، سەرەڕای ئەوەی دەروونی گوێڕایەڵی نەبوو بۆ چوونە ژێر باری ئەو لێپرسراوێتی یە قورسە، لەبەر مەترسیو کەمووکووڕی و زیادەڕەوی، ئەم شێوەیەش دەردەکەوێت کە وەرگرتنی ئەبوبەکر بۆ ئەرکی جێنشینی خۆبەختکردن بوو لە پێناو بەرژەوەندیی ئاینی ئیسلامو نەتەوەکەی، نەك دەستکەوتێك بێت هەوڵی بۆ دابێت، خوای گەورەش پشتیوانی ئەبوبەکر بوو لەبەر پاکیی نیەتو راستیی ئاراستەکەی.

---

١) أخرجه موسى بن عقبة في مغازيه (الذهبي: تأريخ الاسلام٣: ٨، وإبن كثير: البداية والنهاية ٦: ٣٤١، قال ابن كثير: اسناده جيد، البداية والنهاية ٥: ٢٨١، والحاكم: المستدرك ٣: ٦٦ وصححه ووافقه الذهبي).

ئەمەو بەیعەتی ئەبوبەکر لە سەقیفە بە بەیعەتی تایبەت ناسرا کە لە رۆژی دووشەممە ١٢/ ربیع الاول ساڵی ١١ کۆچی بوو، رۆژی دوای ئەوەش (سێشەممە)[1] ئەبوبەکر روویکردە مزگەوت و خەڵکیی پەیمانیان پێداو ئەوە بە بەیعەتی گشتیی ناوزەد کرا، لە پاش وتارێك کە عومەری کوڕی خەتتاب پێشکەشی کردو تیایدا داوای لێبوردنی کرد سەبارەت بە هەڵوێستی لە نکوڵی کردن لە مردنی پێغەمبەر ﷺ، ئەمجا باسی لە پلەو پایەی و هاوەڵێتی و کۆچکردنی ئەبوبەکر کرد، ئەبوبەکریش بێدەنگ بوو قسەی نەدەکرد، تاکو عومەر کۆتای بە وتارەکەی هێناو داوای لە ئەبوبەکر کرد بچێتە سەر مینبەرو بەیعەت لە خەڵکیی وەربگرێت،[2] شایەتحاڵێك کە خۆی ئامادە بوو لەوێ باسی شێوازی بەیعەتەکە دەکاتو دەڵێت: کۆمەڵێك خەڵك لە ئەبوبەکر کۆدەبوونەوەو پیانی دەگوت: بەیعەتم پێبدەن لەسەر گوێڕایەڵی بۆ خوای گەورەو قورئانەکەیو ئەمجا بۆ فەرمانڕەوا.[3]

دوابەدوای ئەم بەیعەتە گشتی یە، ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) دەستی کرد بە وتاردان و وتی: "إني وليت عليكم ولست بخيركم، فان أحسنت فاعينوني، وان أسأت فقوموني، الصدق امانة، والكذب خيانة، والضعيف فيكم قوي عندي حتى آخذ الحق منه - إن شاء الله - لا يدع قوم الجهاد في سبيل الله الا ضربهم الله بالذل، ولا تشيع الفاحشة في قوم الا عمهم الله بالبلاء، أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فاذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم، قوموا الى صلاتكم يرحمكم الله..".[4]

واتە: من کرام بە فەرمانڕەوای ئێوە لە ئێوە باشتر نیم، جا ئەگەر چاکم کرد یارمەتیم بدەن، ئەگەرنا راستم بکەنەوە، راستگۆی ئەسپەردەیە، درۆکردنیش ناپاکی یە، بێهێزتان لام بەهێزە تا مافەکەی بۆ دەگێڕمەوە، - بە پشتیوانی خوای گەورە - بە تواناتانیش لام بێتوانایە تاکو مافەکەی لێوەردەگرمەوە - بە پشتیوانی خوای گەورە - هەرگیز خەڵکانێك پشت لە جیهاد هەڵناکەن تا خوای

---

١) عبدالعزيز المقبل: خلافة أبي بكر ٥٧- ٥٨، والطبري: تأريخ ٣: ١٩٩، والسهيلي: الروض الانف ٤: ٢٧٠، وابن كثير: البداية والنهاية٥: ٢٨٦، والخزاعي: تخريج الدلالات السمعية ٣٦، وابن حجر: فتح الباري ٨: ١٢٩.

٢) البخاري: الصحيح ٩: ١٠٠، وعبدالرزاق: المصنف ٥: ٤٣٧.

٣) الحارث أبي أسامة: المسند باسناد حسن (الهيثمي: بغية الباحث ٣: ٧٥٣).

٤) إبن هشام: السيرة النبوية ٤: ٦٦ زصحيح إسناده إبن كثير (البداية والنهاية ٥: ٢٨٠و ٦: ٣٤٠) وعبدالرزاق: المصنف ١١: ٣٣٦ من طريق معمر قال: حدثني بعض أهل المدينة (بعض أصحابي).

گەورە ریسوایان نەکات، داوێن پیسیش لە ناو هەرنەتەوەیەك بڵاوبێتەوە خوای گەورە بەڵایان بەسەرا بڵاودەکاتەوە، گوێڕایەڵیم بکەن تا ئەو کاتەی گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری دەکەم، ئەگەر لە قسەی خواو پێغەمبەر لامدا، کەس بۆی نی یە بە قسەم بکات، هەڵسن بۆ نوێژەکانتان بەر ڕەحمەتی خوا کەون".

ئەم کورتە وتارە باسی پەیوەندیی فەرمانڕەواو فەرمان بە سەراکراوانی لە خۆگرت، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هاتنی بۆ جێنشینیی بە ویستی موسڵمانانو بە پێی گرێبەستێکی ڕوونو ئاشکرایە، گوێڕایەڵیی لە لایەن خەڵکەوە، بەرانبەر پابەندبوونی فەرمانڕەوا بە شەریعەتی ئیسلامەوە، هەروەها چاودێریکردنی موسڵمانان بۆ سیاسەتی بەڕێوەبردنی خەلیفەو یارمەتیدانی لە سەر چاکەو ڕاستکردنەوەی سەروکاری ئەگەر لە ڕێگا لایدا، هەروەها لە وتارەکەیدا هاتووە کە خەلیفە بەرپرسیارە لە ڕاگرتنی دادوەریی و جیهادو پاراوکردنی کۆمەڵگا لە هەموو جۆرە لادانێکی ڕەوشتیی، ئەمە جگە لە خۆبەکەمزانینی صدیق کە بە ئاشکرا لە سەرەتای وتارەکەی دەردەکەوێت.

لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی ئەبوبەکر بۆ خیلافەت بەرزڕاگرتنی بەها ئیمانیەکانو ملکەچی پێوەرە کەسێتی یەکان بۆ ئەو بەهایانە پیشان دەدا، چونکە ئەبوبەکر لە هۆزی تەمیم بوو، تەمیمیش لاوازترین هۆزەکانی قوڕەیشە.

هەروەها ڕیوایەتە ڕاستەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە ڕاوێژ پێنەکردنی سەبارەت بە مەسەلەی خیلافەت زویر بوو، بەڵکو ئەو ڕیوایەتەی کە لە بوخاریی و موسلیمدا هاتووە ئاماژە بەوە دەکات کە عەلی شەش مانگ لە بەیعەتی ئەبوبەکر دواکەوت، هۆکاری دواکەوتنەکەشی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەبوبەکر بە قسەی فاتیمەی کچی پێغەمبەر ﷺی نەکردووەو کاتێك داوای میراتی باوکی کردووە لە مەدینە و فەدەكو پاشماوەی پێنج یەکی خەیبەر، ئەبوبەکریش ناڕەزای دەربڕی پاڵپشت بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ: "لا نورث ما ترکناه صدقة". واتە: ئێمەی پێغەمبەران میراتمان بۆ کەس نیە، ئەوەی بە جی دەهێڵین خێرو صەدەقەیە. بۆیە فاتیمە تووڕە بوو لە ئەبوبەکرو پەیوەندی لەگەڵدا پچڕاند تا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، لە دوای مردنی فاتیمە، عەلی لە مزگەوتدا پاش نوێژی نیوەڕۆ بەیعەتی بە ئەبوبەکر دا.[1]

---

١) البخاري: الصحيح ٥: ١٧٧، ومسلم: الصحيح ٣: ١٣٨٠.

ئەمە بەهێزترین ریوایەتە پێمان گەیشتووە سەبارەت بە بەیعەتی عەلی بۆ ئەبوبەکر (رەزای خوایان لێبێت). بەڵام لە لایەکی ترەوە هەندێ ریوایەتی دروست هاتووە ئەوە دەگەیەنێت کە عەلی لە رۆژی بەیعەتی گشتیدا لە مزگەوت بەیعەتی داوەو هۆکاری تووڕەبوونی خۆی روونکردۆتەوەو وتوویەتی: "ما غضبنا إلاّ لأنّا اخرنا عن المشاورة، وانا نرى أبابكر أحق الناس بها بعد رسول الله ﷺ، إنه الصاحب الغار، وثاني اثنين، وأنا لنعلم شرفه، وكبره، ولقد أمره رسول الله ﷺ بالصلاة بالناس وهو حي".[1]

واتە: ئێمە لەبەر ئەوە زویر بوین، چونکە دواخراین لە راوێژکردن، ئەگەرنا ئێمە ئەبوبەکر بە مافدارترین کەس دەزانین لە پاش پێغەمبەر ﷺ، ئەو هاوڕی ئەشکەوتەو (ثاني اثنين)ە کە خوای گەورە باسی کردووە، ئێمە بە مەزنیی و شکۆی ئەبوبەکر دەزانینو پێغەمبەری خوا ﷺ لە حاڵی ژیانیدا فەرمانی پێکردووە پێشنوێژیی موسڵمانان بکات.[2]

ئیبن کەسیرو ئینوحەجەر ئەم ریوایەتە راستەیان پێکەوە گونجاندووە، بەوەی وتوویانە عەلی سەرەتا بەیعەتی لەگەڵ خەڵکیی داوە، بەڵام دوای کۆچی فاتیمەی خێزانی بەیعەتێکی دیکەی داوە وەکو سەلماندنو دووپاتکردنەوە بۆ بەیعەتی یەکەمو لابردنێکیش بۆ شوێنەواری ئەو مامەڵە ناخۆشەی روویدا، بە هۆی ناکۆکی لەسەر میراتی.

١) موسى بن عقبة: المغازي (الذهبي: تأريخ الاسلام ٣: ٨، وإبن كثير: البداية والنهاية ٦: ٣٤١ باسناد صحيح، عەلی کە بە رەزامەندیی خۆی بووە بڕوانە: کتێبی (السنه)ی عەبدوڵڵای کوڕی ئیمام ئەحمەد ٢: ٥٦٣.

٢) إبن كثير: البداية والنهاية ٥: ٢٨١، ٣٢١، ٦: ٣٤١، وإبن حجر: فتح الباري ٧: ٤٩٥.

باسی سێیەم:

خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتاب (رەزای خوای لێبێت)

ئەبوبەکر خوای لێ رازی بێت نەخۆش کەوتو هەستی بە نزیك بوونەوەی سەرەمەرگ کرد، بۆیە راوێژی بە هاوەڵان کرد سەبارەت بە کێشەی خیلافەت لە دوای خۆیو فەرمووی:

"أني قد نزل بي ما ترون ولا اظنني الا لمأتي، فامروا عليكم من احببتم، فانكم ان امرتم عليكم في حياة مني كان اجدر لا تختلفوا بعدي".

واتە: من ئەوەم بەسەرهاتووە کە دەیبینینو گومانیش نابەم بە کەمتر لە مردن لی دەربچم، جا هەرکەستان پێخۆشە بیکەن بە فەرمانڕەوای خۆتان، چونکە ئێوە ئەگەر لە حاڵەتی ژیانمدا کەسێك هەڵبژێرن شیاوترە کە دوای مردنم ناکۆکیتان نەکەوێتە نێوان.

دوای ئەوەی دەستیان کرد بە راوێژکردن لە نێوان خۆیانداو گەڕانەوە لایو داوایان کرد کە خۆی کەسێکیان بۆ دەستنیشان بکات، ئەویش پرسیاری لێکردن: لەوانەیە جیاوازیتان تیا دروست بێت لە بۆچووندا، وتیان نەخێر، فەرمووی: کەواتە پەیمانی خواتانی لەسەر بێت کە رازیی بن، وتیان: بەڵێ، فەرمووی: مۆڵەتم بدەن تا ببینم بۆ خواو ئاینەکەی و بەندەکانی کێ چاکترە.

دواتر ناردی بە دوای عوسمانی کوڕی عەففان و راوێژی پێکرد، ئەویش ئاماژەی بە عومەر کرد، ئیتر ئەویش فەرمانی پێکرد بەڵێنێکی بۆ بنووسێ.[1]

موسڵمانانیش بە تێکڕای دەنگ بەیعەتیان پێداو پی رازیی بوون.[2]

---

١) إبن الجوزي: مناقب عمر بن الخطاب ٥٢ من مرسل الحسن البصري، بەڵام ئەوەی تەبەری باسی کردووە لە تأريخ ٣: ٤٢٩ دەربارەی عومەر (علوان بن داود) لە سەنەدەکەیدایەو ئەویش بە (منكر الحديث) ناسراوە (الذهبي: ميزان الاعتدال ٣: ١٠٨). هەر خۆیشی (علوان بن صالح) لە ریوایەتی تەبەری ٣: ٤٣١.

٢) روایەتێك ئاماژە دەکات کە تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا (رەزای خوای لێبێت) بە ئەبوبەکری وتووە (رەزای خوای لێبێت): "استخلفت على الناس عمر وقد رأيت ما يلقى الناس منه وأنت معه، فكيف به اذا خلا بهم، وأنت لاق ربك فسائلك عن رعيتك ... فقال أبوبكر: أبالله تخوفني: اذا لقيت الله ربي فساءلني قلت: استخلفت على اهلك خير اهلك الطبري: تأريخ ٣: ٤٣٣ وفي اسناده علتان عنعنة ابن اسحق وهو مدلس ومحمد بن حميد الرازي ضعيف.

واتە: تۆ عومەرت کردۆتە خەلیفە لە پاش خۆت، بە چاوی خۆتیش بینییت خەڵکیی چییان لە ئەو چەشت کە خۆیشت لەگەڵیدا بووی، ئەی چۆن دەبێت بەبێ تۆ، تۆیش سبەینێ رووبەرووی خوای خۆت دەبیتەوە و پرسیارت لێدەکات دەربارەی رەشو رووت.. ئەبوبەکر وتی: بەخوا دەمترسێنی کە رووبەرووی خوای خۆم بوومەوەو پرسیاری لێکرد دەڵێم: باشترین کەسم

هەندێ ریوایەتی لاوازیش هاتووە ناوی ئەو هاوەڵانە دەستنیشان دەکات کە ئەبوبەکر راوێژی پێکردن، لەوانە: عوسمانی کوڕی عەففان، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعیدی کوڕی زەید، ئوسەیدی کوڕی حوزەیرو هەندێکی تر لە موهاجیرو ئەنسارەکان.

لە راوێژەکانی ئەبوبەکر ئەوە دەرکەوت کە موسڵمانان عومەر بە باش دەزانن بۆ جێنشینیی، بۆیە فەرمانی بە عوسمان کرد بەڵێنامەیەکی بۆ بنووسێت[1] ئەوەی ناوبانگی هەیە لە مێژوودا لەم بارەوە ئەوەیە کە ئەبوبەکر راسپاردەی خیلافەتی کرد بۆ عومەر،[2] لە راستیدا ئەوەش زیاتر نەبوو لە پاڵاوتنێك بە مەبەستی ئامۆژگاریکردنی ئوممەتو رێنموونی سەرانی موسڵمانان کە دەناسران بە (أهل الحل والعقد) بە تەنها پێشنیازکردنیش خیلافەت دانامەزرێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە کە سەرجەم موسڵمانان لە سەری قایل بن، بە راستیی ئەوەش بۆ عومەر رەخسا کاتێك تێکڕای موسڵمانان لە شاری مەدینە بەیعەتیان پێدا و دواتریش پەیمانو بەیعەت لە سەرجەم شارو شوێنەکانی تر وەرگیرا.

کرد بە خەلیفە لە داوای خۆم، بەڵام لە ئیسنادی ئەم ریوایەتە دوو (علة) هەیە، یەکەم: عەنعەنە کردن لە لایەن ئیبنو ئیسحاقەوە و سەربارى ئەوەی کە مودەللیسە، دووەم: موحەممەدی کوڕی حەمیدی رازیی کە بە بێمتمانە دادەنرێت.

لە رێگایەکی تریشەوە ئەم ریوایەتە هاتووە بە بێ ناوبردنی تەڵحە، بەڵکو وشەی (الناسی) هاتووە لە جێگەی (إبن أبی شیبه: المصنف ١٢: ٣٥- ٣٦ فەرمووی ژمارە ١٢٠٦٢ لە مورسەلەکانی (زبید اليامی)یە کە شیعەیەکی عەلەوی بووەو نە ئەبوبەکر نە هیچ هاوەڵێکی گەورەی نەبینیوە، ئەم ریوایەتەیش لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانیدا دەگونجێت (أبو نعیم: الاصابه ٢٧٥).

هەروەها دوو هەواڵی تر هاتووە یەکێکیان (مرسل)و ئەویتر (منقطع)ە دەربارەی وتەی صددیق بۆ هاوەڵان: "أترضون بمن استخلف عليكم؟.. وأني فد استخلف عمر فاسمعوا له وأطيعوا، فقالوا: سمعنا وأطعنا (إبن أبي شيبة: المصنف١٢: ٣٨ وفي اسناده الصلت بن بهرام عزيز الحديث، وثقه ابن حبان وسكت عنه البخاري وابن ابي حاتم، ثم ان الخبر منقطع راويه سيار ابي الحكم ت ١٠٢ ه والطبري: تأريخ ٣: ٤٢٨ وفي اسناده محمد بن حميد الرازي ضعف ثم هو مرسل لان راويه أبا السفر لم يلحق أبابكر وعمر.

١) ابن سعد: الطبقات الكبرى٣: ١٩٩- ٢٠٠ لە رێگەی واقیدیی، سەرچاوەکانیش لە واقیدییەوە وەریانگرتووە، والبلاذري: انساب الاشراف، (الشيخان) ٧٠، والطبري: تأريخ ٣: ٤١٨- ٤٢٩ بە کورتکراوەیی، و ابن الجوزي: مناقب عمر بن الخطاب ٥٤ بە کورتکراوەیی.

٢) الطبري: تأريخ ٣: ٤٢٩، بە ئیسنادێك لە ریوایەتی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف کە خۆی شاهیدی حاڵ بووە.

باسی چوارەم:

خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان (ڕەزای خوای لێبێت)

بەیعت بە عوسمان درا (ڕەزای خوای لێبێت) لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی شورا کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) دەستنیشانی کرد پاش لێدرانەکەی، ئەندامانیش شەش کەس بوون: عوسمانی کوڕی عەففان، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵلا، زوبەیری کوڕی عەووام، هاوکات عەبدوڵلای کوڕی عومەریش ئامادەی دانیشتنەکان دەبێت بۆ دەربڕینی ئامۆژگاریی بێ ئەوەی مافی خۆپالاوتنی هەبێت بۆ خیلافەت، یان دەنگدان لە بەرژەوەندیی یەکێك لە پالێوراوەکان، لە یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەندا ئەم وتووێژە ڕوویدا:

عەبدوڕەحمان وتی: ڕاتان بخەنە دەستی سێ کەس لە نێو خۆتاندا.

زوبەیر وتی: ڕای خۆمم دایە دەستی عەلی.

تەڵحە وتی: ڕای خۆمم دایە دەستی عوسمان.

سەعد وتی: ڕای خۆمم دایە دەستی عەبدوڕەحمان.

عەبدوڕەحمان وتی: کامتان لەم مەسەلەیە خۆی دەبورێو لی دەردەچێتو هەڵبژاردنی یەکێك لە دوو کەسەکەی تر بخەینە دەستی، خواو ئیسلامی لەسەر بێت باشترینیان هەڵبژێرێ؟

هەردوو پیاوە گەورەکە، عوسمان و عەلی بێدەنگ بوون.

عەبدوڕەحمان وتی: مافی هەڵبژاردنی یەکێکتانم پێ ئەدەنو خوای گەورە شایەت بێت لەسەرم شیاوترینتان هەڵبژێرم.

وتیان: بەڵێ.[1]

عەبدوڕەحمان سێ ڕۆژ بێ وچان خەریکی ڕاوێژکردن بوو هاوەڵانی ئەنجومەنی شورا، لە سپێدەی ڕۆژی چوارەم ناردی بە دوای هەموو ئامادەبوانی مەدینە لە موهاجیر و ئەنصارەکان، هەروەها ناردی بە دوای سەرکردە سەربازی یەکاندا کە مەبەستی حەج کردن هاتبوون لەگەڵ عومەر، کاتێك کۆبوونەوە عەبدوڕەحمان وتی:

"یا علي أني نظرت في أمر الناس فلم أرهم یعدلون بعثمان، فلا تجعلن علی نفسك سبیلا".

---

١) البخاري: الصحیح (فتح الباري ٧: ٦٠ـ ٦١).

واتە: ئەی عەلی، من گوێم لە راوبۆچوونی خەڵکیی گرتو بۆم دەرکەوت کە کەس بە هاوتای عوسمان نازانن، بۆیە داواکارم هەموو رێگەیەك لەسەر نەفسی خۆت دابخەیت، ئەمجا بەیعەتی دا بە عوسمانو وتی:

"أبايعك على سنة الله ورسوله والخليفتين من بعده، فبايع عبدالرحمن بن عوف، وبايعه المهاجرون والانصار وأمراء الاجناد والمسلمون".[1]

واتە: پەیمانت پێدەدەم لەسەر رێبازی خوای گەورە و پێغەمبەرو هەردوو خەلیفەکەی دوای خۆی، جا کاتێك عەبدوڕەحمان بەیعەتی پێدا ئیدی موهاجیرو ئەنسارەکان و سەرکردەی سەربازەکانو تێکڕای موسڵمانان بەیعەتیان پێ دا.

هەندێ ریوایەت راستیش هەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بۆچوونی گشتیی لە سەردەمی عومەر ئەوەبوو کە بەیعەت بە عوسمان بدرێت لە پاش عومەر، کاتێکیش عومەر چاوی بە حوزەیفەی کوڕی یەمان کەوت لە عەرەفات لی پرسی: "من ترى قومك مؤمرين بعدي؟ قال حذيفة: رأيت الناس قد اسندوا أمرهم الى عثمان".[2]

واتە: پێت وایە موسڵمانان کێ دەکەنە فەرمانڕەوای خۆیان لە پاش من؟ حوزەیفە وتی: وا ئەزانم موسڵمانان رای خۆیان داوەتە دەستی عوسمانەوە دوای تۆ.

خاریجەی کوڕی مەزریب دەیوت: ساڵێك لەگەڵ عومەر حەجم کرد، بینیم خەڵکیی گومانیان لەوە نەبوو کە خەلیفە لە دوای عومەر، عوسمان دەبێت و گوێشم لە وشترەوان بوو دەیوت: فەرمانڕەوا لە دوای عومەر عوسمانە، لە خیلافەتی عوسمانیشدا دەیوت: فەرمانڕەوا لە دوای عوسمان عەلی یە.[3]

مەبەستی عومەر لەوەی کە خیلافەتی کرد بە پرسو را لە نێو شەش کەسدا، ئەوە بوو کە بەرپرسێتی لە خۆی دووربخاتەوەو موسڵمانانیش هەڵسن بە ئەنجامدانی راوێژ لە بەرزترین ئاستدا، کە بریتی یە لە هەڵبژاردنی بەرپرسی یەکەمی دەوڵەت.

تەبەری دەڵێت: "ولم يكن في أهل الاسلام أحد له من المنزلة في الدين والهجرة والسابقة والعقل والعلم والمعرفة بالسياسة ما للستة الذين جعل عمر الامر شورى بينهم..".[1]

١) البخاري: الصحيح _فتح الباري ١٣: ١٩٣ـ ١٩٤).

٢) إبن شبة: تأريخ المدينة ٣: ٩٣٢ بسند صحيح.

٣) إبن شبة: تأريخ المدينة ٣: ٩٣٢ـ ٩٣٣ بسند حسن.

واتە: لە نێو هەموو موسڵماناندا کەسیان تیادا نەبوو بگاتە پلەو پایەی ئەو شەش کەسەی کە عومەر دەستنیشانی کردن بۆ خیلافەت، لە رووی دینداریی‌و کۆچکردن‌و رابوردووی پرشنگدارو هۆش‌و زانیاریی‌و توانای بەڕێوەبردنەوە.

باسی پێنجەم:
خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب (رەزای خوای لێبێت)

عەلی هەڵسا بە کاروباری خیلافەت لە پاش کوژرانی عوسمانی کوڕی عەففان (رەزای خوای لێبێت) لە بارودۆخێکی ترسناکدا، لە کاتێکدا کە رق لە دڵانی دژ بە عوسمان زاڵبووبوون بە سەر شاری مەدینەداو گەورە هاوەڵان فەرمانیان لە دەستدا نەمابوو، بەڵکو هیچ دەسەڵاتێکی باڵایش نەمابوو فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئیسلام بکات.
ئاژاوەچی یەکان هەوڵیان دەدا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بکەن بە خەلیفەو هەڕەشەشیان لێکرد ئەگەر رازی نەبێت، بەڵام جگە لە نارەزای هیچیان لێ بەدەستنەهێنا.[2] بۆیان دەرکەوت کە مەسەلەی خیلافەت لە دەستی خەڵکی مەدینەیە لە موهاجیرو ئەنصارو بەشداربووانی جەنگی بەدر، تەواوی خەڵکیش شوێنکەوتووی ئەوانن.[3]
بۆیە خەڵکیی دەست‌و بردیان کرد بۆ لای عەلی بەیعەتی پێبدەن ئەویش نارەزای دەربڕی لە ئاوها بارودۆخێکدا وتی:
"والله إني لاستحي ان أبايع قوماً قتلوا رجلاً قال فيه رسول الله ﷺ (ألا أستحي ممن تستحي منه الملائكة) واني لاستحي من الله ان ابايع وعثمان قتيل على الارض لم يدفن".
واتە: سوێند بە پەروەردگارم شەرم دەکەم لە خوا بەیعەت لە کەسانێك وەربگرم دەستیان لە کوشتنی پیاوێکدا بوو پێغەمبەر ﷺ دەربارەی فەرموویەتی ئایا شەرم نەکەم لە کەسێك فریشتەکان

---

١) إبن حجر: فتح الباري ١٣: ١٩٨.
٢) أحمد بن حنبل: فضائل الصحابة ٢: ٨٩٥، وإبن سعد: الطبقات الكبرى٤: ١٥١، وأبو نعم: حلية الاولياء ١: ٢٩٣ هەمووشیان لە رێگەی حەسەنی بەصری بەسەنەدێکی راست.
٣) عبدالحميد علي ناصر فقيه: خلافة علي بن أبي طالب ل٩٢ (ماستەرنامەیەکە لە زانکۆی ئیسلامیی لە مەدینە بە سەرپەرشتی نووسەر)، هەروەها بڕوانە البخاری (فتح الباري ١٢: ١٤٤ـ ١٤٥)، وأحمد: المسند ١: ٣٢٣ بە ئیسنادێکی راست (چاپی ئەحمەد شاکر)، البلاذري: أنساب الاشراف ٢: ٣٥ب.

شەرمی لێدەکەن، ئینجا من تەریق دەبمەوەو شەرمی خوا دەمگرێ بەیعەت وەربگرم، هێشتا تەرمی عوسمان بەخاك نەسپێرراوە. ئیتر ئەوانیش لێگەڕانو وازیان هێنا، لە پاش ناشتنی تەرمی عوسمان خوای لێ رازی بێت، جارێکی دی گەڕانەوە لای عەلیو وتیان: مەحاڵە موسڵمانان بێ خەلیفە بمێننەوە، کەسیش نی یە لە تۆ مافدارتر بێت، عەلی پێ وتن: منتان نەوێت، من یارمەتیدەرتم بۆ ئێوە چاکترە لەوەی فەرمانڕەوا بم، وتیان: سوێند بە خوا نازانین کەسێك هەبێت لە تۆ وەبەرتربێت.

لێرەدا زەینو زرنگی عەلی کرایەوە لەسەر سۆنگەیەك کە بەیعەت بە ئاشکرا لە سەرجەم موسڵمانان وەربگرێت، بۆ ئەوەی قین لە دڵەکان بەیعەتێکی تایبەتی پێبدەن، لەگەڵ خۆیدا وتی ـ وەکو دواتر خۆی ئەمەی راگەیاند ـ خوایە گیان من لەوەی بەرەو رووی دەچم ترساوم، پێ وتن: "فاذا أبيتم عليّ فان بيعتي لا تكون سرّاً، ولكن اخرج الى المسجد فمن شاء ان يبايعني بايعني".

واتە: ئەگەر هەر رازیی نابن، ئەوا بەیعەت نابێت لە پەنهانیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام من دەچمە مزگەوت، کێ ئارەزووی بوو بەیعەتم پێبدات. ئەمجار عەلی دەرچوو بۆ مزگەوتو خەڵکیی بە رەزامەندیی خۆیان بەیعەتیان پێدا،[1] جگە لە تەڵحەو زوبەیر کە نابەدڵ بەیعەتیان دا، رازیی نەبوون لە شێوازی بەیعەت وەرگرتنەکە، چونکە سەرانی هاوەڵان (أهل الحل والعقد) تاوتوی ئەم مەسەلەیان نەکرد، هەروەها ئەنجومەنی شورا بەسترا[2] بۆ ئەو مەبەستە، لەبەر ئەوەی ئاژاوەچی یەکان ئەوانیان بە شێوەیەکی توندو ناشیرین ئامادەکرد بێگومان ئەو شێوازەش سروشتی رووداوەکان دەیسەپاند بە بۆنەی زاڵبوونی عەرەبە بیاباننشینەکان (الأعراب) بەسەر شاری مەدینەدا.[3]

هەندێ لە هاوەڵانیش دووریان گرتو بەیعەتیان بە عەلی نەدا، لەوانە: موحەممەدی کوڕی مەسلەمە و ئوهبانی کوڕی صەیفی و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، چونکە ئەوان دەیانبینی خەڵکیی کەوتوونەتە نێو بەربەرەکانی و ئاژاوە، بۆیە چاوەڕوان بوون تا بارودۆخ

---

١) أحمد بن حنبل: فضائل الصحابة ٢: ٥٧٣ بە ئیسنادێکی (حسن)، و البلاذري: أنساب الاشراف ٢: ٣٦أ، والحاكم: المستدرك٣: ١٠٣، وأبو نعيم: الامامة والرد على الرافضة ٣٢٩، والمحب الطبري: الرياض النضرة ٣: ٧٨.

٢) البخاري: الصحيح (فتح الباري ١٢ : ١٤٤ـ ١٤٥)، وأحمد: المسند ١: ٣٢٣ـ ٣٢٧ (ط، أحمد شاكر)، وإبن أبي خيثمة: التأريخ الكبير، جەڵدی پەنجا ق١٨أ ریوایەتەکەش لە ئیبنو عومەر (منقطع)ەو نابێتە بەڵگە (نسخة المكتبة المحمودية بالمدينة المنورة رقم ٢٨٦ـ ٢٣١).

٣) عبدالحميد على ناصر فقيه: خلافة علي ١: ٩٧.

ئارام بێتەوەو ئە وساتە بەیعەت بدەن، هەروەها بەهەمان شێوە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانو خەڵکی شامو زۆرێك لە خەڵکی بەسرەو میسرو یەمەن بەیعەتیان نەدا لەبەر هەمان هۆ.

بە بۆچوونی ئیبنوحەزم ژمارەی ئەوانەی رازینەبوون بەیعەت بدەن هێندەی ئەوانە بوون کە بەیعەتیان دا، ژمارەشیانی بە سەد هەزار کەس مەزەندە کردووە.[1]

بەڵام زۆرینەی ئەوانەی کە بە (أهل الحل والعقد) ناسراون لە بەشداربوانی جەنگی بەدر و موهاجیرو ئەنصارەکان لە شاری مەدینە بەیعەتیان بە عەلی دا (رەزای خوای لێبێت)و بەوەش بەیعەتەکە دامەزراو عەلی بوو بە خەلیفەی موسڵمانانو دواین جێنیشینی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی پێدەکات "خلافة النبوة ثلاثون سنة، ثم يؤتى الله ملكه من يشاء..".[2]

واتە: جێنشینی پێغەمبەرایەتی سی ساڵە، دوای ئەوە خوای گەورە فەرمانڕەوای دەداتە دەستی هەر کەسێك ویستی لەسەر بێت.

١) إبن حزم: الفصل في الملل والاهواء والنحل٤: ١٦٧.

٢) أبوداود: السنن٥: ٣٦ـ ٣٧، والترمذي: السنن (تحفة الاحوذي) ٦: ٤٧٦ـ ٤٧٨ وحسنه الترمذي، وإبن حجر: فتح الباري ١٣: ١٨٢ ونقل تصحيح ابن حبان له والالباني: السلسلة الصحيحة ١: ٧٤٢ـ ٧٤٩.

باسی شەشەم:
قەیرانی خیلافەت و گوێزانەوەی بۆ عێراق

خیلافەتی عوسمان دەرئەنجامێك بوو بۆ كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی شورای عومەر (ڕەزای خوای لێبێت)، كاتێك كە موسڵمانان بە كۆی ڕاو بێناكۆكی ئەویان هەڵبژارد، سیاسەتی عوسمانیش لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، سیمای لێبوردن و فراوانی خەڵات بۆ موسڵمانانو بەردەوام بوونی بزووتنەوەی فتوحاتی پێوە دیار بوو، هەربۆیە نیشانەی دەوڵەمەندیی و بوژانەوەی ئابووریی دەركەوت لە ڕێگەی هەڵقوڵانی داهات بۆ دەوڵەتی ئیسلام، بەم شێوەیەش گۆڕانكاری یەكی فراوان دروست بوو لە بژێوی‌و خواردنو پۆشاكی خەڵكیدا.[1]

موهاجیرو ئەنصارەكان و خاوەن ڕابوردووی كۆشش لە پێناو خوادا، شانسدار بوون زیاتر لەوانەی كە لە كاتێكی درەنگدا گەیشتنە كاروانی جیهاد،[2] زۆرێكیش لەوانە لەو هۆزانە بوون كە لە شارە تازەكان جێگیر بوون (كوفەو بەصرەو فوستات) دواتر بەشداریان كرد لە فتوحاتی وڵاتەكان.

---

١) عمر بن شيبه: تأريخ المدينة ٣: ١٠٢٣ـ ١٠٢٤ بە سەندێكی ڕاست، حەسەنی بەسریی ـ كە خۆی شایەتحاڵێك بووە ـ زۆریی ماڵو سامانی وەسف كردووە، هەروەها لە كتێبی (الاوائل)ی ئەبوهیلالی عەسكەریی ١: ٢٤٦ لە ڕێگەی مەدائینییەوە كە داهاتەكانی (السواد) لە سەردەمی خیلافەتی عوسماندا گەیشتە سەدو بیست ملیۆن درهەم، یەعقوبییش لە تاریخەكەی ٢: ١٥٢ دەڵێت: گەیشتە سەدوبیست ملیۆن درهەم، بەڵام ئیبنو خردازبە لە (المسالك والممالك ١٤) دەڵێت: گەیشتووەتە سەدوبیستو هەشت ملیۆن درهەم. لەوانەشە ئەم جیاوازییە لەلایەن مێژوونووسەكانەوە هۆی ئەوە بێت هەریەكێ لە ئەوان باسی لە داهاتی ساڵێكی دیاریكراو كردبێت، جا زیادو كەم دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی بەروبوومو ڕێژەی دانیشتوان، سەرانەو باجی میسریش دوو بەرانبەر بویەوە و لە سەردەمی خیلافەتی عومەر دەگەیشتە دوو ملیۆن دیناری ئاڵتوون و لە سەردەمی خیلافەتی عوسمان بەرزبوویەوە بۆ چوار ملیۆن دیناری ئاڵتوونی، لەو كاتەی فەرمانڕەوایی میصر عەبدوڵڵای كوڕی سەعدی كوڕی سەرح بوو (البلاذري: فتوح البلدان ٢١٧، وقدامة بن جعفر: الخراج وصناعة الكتابة ١٧٩، ١٨٤)، بەڵام ئیبنولحەكەم باسی لە ژمارەیەكی جیاواز كردووە كاتێك وتوویەتی باجی میسر گەیشتووەتە تەنها دوانزە ملیۆن دینار لە سەردەمی عومەر و چواردە ملیۆن دینار لە سەردەمی عوسمان (فتوح مصر والمغرب ٦٤ـ ٧٠ عن الليث بن سعد وبه أخذ المقريزي: الخطط ١: ٧٩) لەوانەشە ئەوەی بیلازەریی باسی كردووە مەبەستی لە باج بێت و ئەوەی ئیبنوعەبدولحەكەم باسی كردووە مەبەستی سەرانە بووە.

٢) مەبەست لەوانە عەرەبە سارانشینەكان بوو كە ڕوویان كردە بەسرەو كوفە، نەك ئەوانەی خاوەنی پێشەنگ بوون لە جیهاددا، وا دەردەكەوێت كراون بە چوار بەشەوە بە پێی مێژووی پێگەیشتنیان بە جیهاد، بەشی یەكەمو دووەم و سێیەمو چوارەم (تأريخ الطبري ٤: ٤٩، ٢٧٩) زۆرترین موچەیش وەریان دەگرت دەگەشتە پێنج سەد درهەم، كەمترینیش دەگەیشتە

سەرەتاکانی بەرهەڵستیی لە کووفەو بەصرەو میصر، لە نێوەندی هۆزەکان سەری هەڵدا،[1] ئەو کەسەش ڕۆڵی هاندانی گرتە ئەستۆ عەبدوڵڵای کوڕی سەبەء بوو، پیاوێکی جوولەکە بوو لە صەنعا ئیسلام بوونی خۆی پیشان دا لە سەردەمی خیلافەتی عوسمان، هەروەها هەڵدەسا بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی زۆر کە ڕەخنەی دەگرت لە شەرعیەتی خەلیفەو شێوازی هەڵسوڕاندنی بۆ کارەکانو جەختی لەسەر مافداریێتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەکردو گوایە ئەوانەی پیش ئەو خەلیفە بوون مافی ئەویان پێشێل و زەوت کردووە، ئەمە جگە لەوەی هەندێ سیفەتی خوایەتی دەدایە پاڵ عەلی (ڕەزای خوای لێبێت).

مشتومڕێکی زۆریش ڕوویداوە دەربارەی کەسایەتی ئیبنوسەبەء لە مێژوودا، بەڵام هەمەجۆری سەرچاوەی هەواڵەکان کە هەندێکیان سوننەیەو هەندێکیان شیعەیە وا دەکات ئەستەم بێت بەو بۆچوونە ڕازیی بین کە نکوڵی لە بوونی مێژووی ئەو کەسایەتیە دەکات.

بەرهەڵستکاران بەهانەکانیان لە کردارەکانی خەلیفە عوسمانەوە بۆ دروست بوو، لەوەشدا کورت نەدەبوویەوە کە ناڕەزای دەبڕێت بەرانبەر سیاسەتی ئابووریی عوسمان کە ڕێگەی دا بە ئاڵوگۆڕکردنی زەویو زار لە نێوان عێراقو حیجازدا کە ڕێگەی بۆ دەوڵەمەندەکانی حیجاز هەموار کرد کە ببنە خاوەن ڕووبەرێکی فراوان لە زەوی (سواد)، تەنانەت نەلە نارەزای دەربڕین لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ڕێگەی پشتبەستنی عوسمان بە خزمە لێهاتووەکانی و لابردنی بۆ هەندێك لە هاوەڵان کە فەرمانڕەوا بوون، بەڵکو ناڕەزایان درێژبوویەوە تا لایەنە چاکەکانیشی گرتەوە، وەکو کۆکردنەوەی قورئان کە کتێبی نەتەوەی ئیسلامی یەکخستو پاراستی کاتێك نەیارەکان ناڕەزایان لە سووتاندنی قورئانەکانی تر دەربڕی.

بەرهەڵستکاران لە هەندێ شارو شوێنەوە هاتنە مەدینەو چل ڕۆژ تیایدا مانەوە، هەندێ گلەیان هەبوو لە عوسمانو ئەویش ڕازی کردن سەبارەت بە داواکاری یەکانیان، دواتر گەڕانەوە شارەکانی خۆیان، بەڵام ئەوان پێش گەیشتنیان بە شوێنەکانی خۆیان، جارێکی تر گەڕانەوە بۆ شاری مەدینەو

دووسەد درهەم (تأريخ الطبري٣: ٦١٤) ئەمە لە کاتێکدا مووچەی بەشداربوانی جەنگی بەدرو موهاجیرەکانی قوڕەیش و عەرەبەکانی تر پێنج هەزار درهەمو ئەنصارەکان چوار هەزار درهەم بوو (إبن سعد: لبطبقات الكبرى٣: ٣٠٤ بسند حسن).

١) ژمارەیان گەیشتە (١٨٠٠) پیاو (٦٠٠) بۆ هەریەکێ لەو شوێنانە بە پێی تەبەری (تأريخ ٤: ٣٤٨- ٣٤٩، ٣٦٩) و لەم ژمارەش کەمتر بە پێی مێژوونووسی بیلازەریی (أنساب الاشراف ٥: ٥٩، ٦١).

بۆ ماوەی چل رۆژ ئابلۆقەی ماڵی عوسمانیان دا بە مەبەستی ناچار کردنی بۆ وەڵامدانەوەی خواستەکانیان.

دوای ئەوە مەسەلەکە گۆڕاو گەشەی کرد بۆ داواکاریی لادانی عوسمان لە جێنشینیی، کاتێك عوسمان بەوە قایل نەبوو، کوشتیان ـ ناوبراو قەدەغەی کردبوو لەسەر پشتیوانەکانی شەڕ بکەن بۆ بەرگری لێکردنی ـ ئەوەش بووە مایەی قەیرانێکی هەرە گەورە لە ویژدانی موسڵماناندا، دواتریش بووە هۆکاری قڵیشانەوی کۆمەڵگا لەسەر هەندێ بنچینەی بنەمای کە بەڵگەیە لەسەر ئامادەی بۆ سەرخستنی راستییو فیدارکاری لە پێناو بەهاکاندا.

بەم شێوازەش عەلی (رەزای خوای لێبێت) شانسدار نەبوو بە یەکدەنگی لەسەر جێنشینی یەکەی، چونکە کۆمەڵی (أصحاب الجمل) کە بریتیبوون لە عائیشەو زوبێرو تەڵحە خوایان لێ رازیی بێت داوایان لێ کرد تۆڵە لە بکوژەکانی عوسمان بکاتەوە، موعاویەش لەسەر هەمان هۆکار رازیی نەبوو بەیعەتی پێبدات، بۆچوونی عەلی ئەوەبوو کە تۆڵەسەندن دەبێـە مایەی ئاژاوەیەکی بەرفراوان لە نێو ئەو هۆزانەی کە پشتگیریی لێدەکرد، بۆیە پێویستە لەسەر نەیارەکان پەیمان بە خەلیفەی تازە بدەن لە پێناو بەدیهێنانی یەکخستنی میللەتو گوێڕایەڵی بۆ خەلیفەی شەرعی.

بە هۆی ئەم دوو بنەمایە جێبەجێکردنی فەرمانی شەرعو گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای شەرعی، دەیان هەزار لە جەنگاوەرەکانی بەسرەو کوفەو شام دابەشو پەرتەوازە، لە کاتێکدا ئەو شوێنانە قورسی هێزی ئیسلامی لێ پێکدەهاتو گەورەترین سوپاکانی جیهانی پێکدەهێنا لەو سەردەمەدا.[1]

عەلی (رەزای خوای لێبێت) لەگەڵ (٧٠٠)[2] سەرباز لە شاری مەدینە دەرچوو بەرەو بەسرە بە مەبەستی شەڕکردنی لەگەڵ بەرهەڵستکاران کە دەناسران بە (أصحاب الجمل)، کە ئەوانیش پێپیشتر شاری مەککەیان بەجێهێشتبوو بە نزیکەی هەزار سەربازەوەو دواتریش زۆربەی جەنگاوەرەکانی

---

١) نزیکەی (٢٠٠) هەزار جەنگاوەر بووە، کووفە تەنها خۆی توانای ئامادەکردنی (٦٠) هەزار جەنگاوەری بووە، جگە لە پیاوانی خزمەتگوزاریی (الطبري: تأريخ ٥: ٧٩ والبلاذري: أنساب د٢، ١ ص ٣٨٤، ٣٨٥) بەصرەش توانای سەربازکردنی (٦٠) هەزار جەنگاوەری هەبوو، میسریش توانای سەربازکردنی (٣٠) هەزار جەنگاوەری هەبوو، شامیش توانای سەربازگری (٨٠) هەزار جەنگاوەری هەبوو.

٢) الطبري: تأريخ ٤: ٤٥٥ من طريق سيف، والبلاذري: أنساب الاشراف ج٢، ١ ص٢٣٣.

بەسرە پەیوەست بوون پیانەوە،[1] ئەمەو عەلی رەزای خوای لێبێت پشت ئەستوور بوو بە سەربازەکانی کوفەوە،[2] کە هاریکاریان لەگەڵ کێشەکەی دەکردو هەر بە دڵسۆزی مانەوە بۆی دەیان ساڵ، هەر ئەوانەیش بوونە هۆی بەرهەڵستکاری توند بۆ فەرمانڕەوای ئومەوی، شەڕی جەمەل[3] بیروباوەڕی کۆمەڵگای ئاشکرا کرد بە هەردوو بەشی حکومەتو نەیارەکانەوە و ئاستی کاریگەری بەها ئیسلامی یەکان لە ئاڕاستەکردنیان، هەروەها هەندێ فەرمانی شەرعیی ئاشکرا کرد سەبارەت بە شەڕکردن لەگەڵ زۆردارەکان (البغاة) لە کاتی ئاژاوە ناوخۆی یەکان، هۆزەکانیش دابەش بوونە سەر هەردوو لایەنەکەدا.[4]

جەنگ لە بەرژەوەندیی عەلی تەواو بوو، فەرمانی کرد بە شوێن نەکەوتنی هەڵاتووەکانو هێرش نەبردنە سەر بریندارەکانو حەڵاڵ نەکردنی ماڵو ناموسی نەیارەکان، هاوکات لێبوردنی گشتیی راگەیاند، بەڵاو رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لەگەڵ بەرهەڵستکاران کۆتای پێنەهات، چونکە موعاویە هەر لە سەردەمی عومەرەوە (رەزای خوای لێبێت) فەرمانڕەوای شام بوو، سەرکردایەتی نەیاری یەکی بەهێزتری دەکرد، پشت ئەستوور بوو بە سوپایەکی بەهێزی کەرەستە تەواوی مەشق پێکراو، هەر لەو دەمەی بەرەنگاری سوپاکانی بیزەنتەیان دەکرد بە دەستیان هێنابوو، بەم

---

١) جەنگاوەرەکانی بەصرە دەوری (٦٠) هەزار کەس دەبوون، بەڵام زۆربەیان خۆیان لە شەڕ بە دوور گرت، زۆربەشیان چوونە ریزی ئەصحابولجەمەل، بەڵام (٦) هەزار کەس لە عەشیرەتی عەبدولقەیسی سەر بە بەصرە چوونە ریزی هێزەکانی عەلی (رەزای خوای لێبێت) (الطبري: تأريخ ٤: ٤٨٩) ، هەروەها هەندێ لە جەنگاوەرەکانی عەشیرەتی بەکری کوڕی رەبیعە کە ژمارەیان بە (٣) هەزار کەس مەزندە دەکرا پەیوەندییان کرد بە عەلییەوە، (البلاذري: أنساب الاشراف ج٢، ١ ص٢٣٧) .

٢) سەربازانی کووفە پتر لە (٤٠) هەزار کەس دەبوون (الطبري: تأريخ ٥: ٧٩ عن طريق أبي مخنف). (٩) هەزار کەسیان پەیوەندیان کرد بە عەلی، بە پێی ریوایەتی سەیف (الطبري: تأريخ ٤: ٤٨٥، ٤٨٨)، بەلام عومەری کوڕی شەببە دەگێڕێتەوەو کە (١٢) هەزار کەس دەبوون، (إبن حجر: فتح الباري ١٣: ٥٨ بە وەرگرتنی لە (تأريخ البصرة)ی ئیبنوشەببە. ژمارەی سوپای عەلی لە جەنگی جەمەل گەشتە (٢٠) هەزار کەس.. ئەم زانیارییانەش ئەوە دەگەیەنن کە زۆربەی زۆری سوپای ئیسلامیی ئەو کاتە خۆیان لەو جەنگە بە دوورگرت، چونکە ژمارەی سوپای ئیسلامیی لەو سەردەمەدا بە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار سەرباز مەزەندە دەکرا.

٣) ژمارەی کوژراوانی هەردوولا بە خەمڵاندنی ناوەڕاست گەیشتە (٦٥٠٠) کوژراوو بڕوانە: (الارقام في تأريخ الطبري ٤:٢٩، ٥٤٥ وانساب الاشراف ج٢، ١ ص٢٦٤ وخليفة بن خياط، ١: ١٦٦، ١٧١).

٤) دابەشبوونی هۆزەکان لاوازیی دەرمارگیریی بۆ هۆزو نەژاد ئاشکرا دەکات، چونکە پیاوانی یەك هۆز دەبینران لەسەربازگەکانی هەردوولا، بەبێ هیچ گرنگیدانێك بە پەیوەندی یە هۆزایەتی یەکان.

شێوەیەش عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) ڕۆیشت بۆ کووفە بە ئامانجی ئامادەکردنی هێزەکانی بۆ جەنگی نەیارەکانی شام، لە ڕاستیدا شەڕی (صففین) شەڕێکی تۆقێنەر بوو، ئەوەندەی نەمابوو جەنگاوەری هۆزەکان پیاوە جوامێرەکانیان لە نێو ببات، ئەگەر مەیلی هەردوو لا نەبوایە بەرەو قایل بوون بە ناوبژی کردن[1] لە پاش بەرزکردنەوەی (٥٠٠) قورئان لە لایەن خەڵکانی شامەوە.[2]

قایل بوونی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) بەناوبژیکردن بووە هۆی هەڵگەڕانەوەی چەند هەزار کەسێکی سوپاکەی[3] لە دژیو نارەزای خۆیان بۆ مەسەلەی ناوبژیکردن ڕاگەیاند، چونکە بەلایانەوە ئەوە جۆرێك بوو لە گومانکردن لە شەرعیەتی کارەکەیان،[4] ئەوانەش کەسانێك بوون قورئانیان لەبەر بوو، بەڵام تێگەیشتنیان بۆ فەرمانەکانی شەریعەت سنووردارو کەم بوو، ئەوانە بڕیاری کافر بوونی عەلی و هاوڕێکانیان ڕاگەیاند، هەڵسان بە پۆلینکردنی خەڵکییو کوشتنی هەرکەسێك کە لەسەر بیروڕای خۆیان نەبێت،[5] هەر بۆیە عەلی کوشتنیانی بەڕەوا زانیو خەریك بوو لە جەنگی نەهرەواندا لە ناویان بەرێت، بەڵام برینی هۆزەکانیان هەرگیز سارێژ نەبوو و هەر بەردەوامیش بوون لە یارمەتیدانی بزووتنەوەی خەواریجە نەیارەکان، بە درێژای چەند سەدە.

١) (١٠٠) هەزار سەرباز کە (٤٠) هەزاری لە کووفەو (٦٠) هەزاری لە بەصرە ڕووبەرووی هێندەی خۆیان بوونەوە لە خەڵکی شام (ئەمەش بە بنیاتنان لەسەر ئەو زانیارییانەی مێژوونووسەکان باسیان کردووە سەبارەت بە سوپاکان دوای جەنگی صففین، بڕوانە: البلاذري: أنساب الاشراف ٥: ١٣٦)، بەڵام هێزەکانی میصر لەم ژمارانە کەمتر بوونو بەشداریشیان نەکرد لە شەڕەکانی جەمەلو صففیندا، بێگومان سەرچاوەکان جیاوازییان بووە سەبارەت بە ژمارەکان، بەڵکو لە خودی یەك سەرچاوەدا جاری وا هەیە جیاوازیی تیایە بۆ نموونە بیلازەری لە (أنساب الاشراف ج٢، ١ ص٣٢٢) دەگێڕێتەوە کە سوپای عەلی (٥٠) هەزارو (٧٠) هەزارو (١٠٠) کەس بووە.

٢) الدینوری: الاخبار الطوال ١٨٩، هەروەها بڕوانە: الطبري: تأریخ٥: ٤٨، والبلاذري: انساب الاشراف ج٢، ص٣٢٢.

٣) ئەوانە سەرەتا بە (المحكمة) ناسران، چونکە دادوەریکردنیان ڕەتکردەوەوو وتیان: "إن الحکم الا لله"، دواتریش بە (الحرورية) ناسران بە هۆی ڕەچەڵەکیان بۆ لادێی (حروراء)، دواتریش بە (الخوارج) ناسران، بە هۆی دەرچوونیان لە سەر فەرمانی خەلیفەی هەڵبژێرراداو، ئەوان داوایان کرد لە عەلی تەوبەکردنی خۆی ڕابگەیەنێت بە ئاشکرا، عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس لەم بارەیەوە وتووێژی لەگەڵ کردن و زۆربەشیانی بەرەو کووفە گەڕاندەوەو حەروورای پێبەجێهشتن کە سێ هەزار، یان چوار هەزار خاریجی مایەوە لە کۆی دوانزە هەزار، بڕوانە: (الطبري: تأریخ٥: ٦٥ـ ٦٦)، پێنج کەسیان خەڵکی بەصرە بوون.

٤) فەرمانی خوا بریتییە لە شەڕکردن لەگەڵ زۆردارەکان (البغاة) بە پێی وتەی خوای گەورە: (وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ) (الحجرات: ٩) موعاویەش لەبەرئەوەی لە فەرمانی خەلیفەی شەرعیی دەرچوو بوو پێویست بوو شەڕی لەگەڵ بکرێت.

٥) الطبري: تأریخ ٥: ٨١ـ ٨٢، والبلاذري: أنساب الاشراف ج٢، ١ ص٣٦٨.

مەسەلەی دادوەریکردنیش کە بە لابردنی عەلیو موعاویەو گەڕانەوە بۆ شورا کۆتای پێهات، سەری نەگرتو جێبەجێ نەکرا.[1] هەردوو لایەنیش بەردەوام بوون لەکۆکردنەوەی هێزەکانیانو ئەنجامدانی کاری جەنگییو بەزاندن بۆ لایەنەکان، بەڵام ئەم دوو لایەنە لە پاش جەنگی صففین جارێکی دی بەو قورسی یە ڕووبەڕووی یەکتر نەبوونەوە. داستانەکانیش کۆتایان پێهات کاتێك یەکێك لە خارجی یەکان هەڵیکوتایە سەر عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) بە شمشێرێکی ژاراوی لە کاتی نوێژی بەیانی لە ڕەمەزانی ساڵی ٤٠ کۆچی، خەڵکی کوفەیش بەیعەتیان بە حەسەنی کوڕی عەلی دا، ئەویش بە چاکی زانی واز لە خیلافەت بهێنێ بۆ موعاویە، بۆ ئەوەی چیتر خوێنی موسڵمانان نەڕژێتو یەکبوونی ئوممەتی ئیسلام بپارێزرێت، بۆیە ساڵی ٤١ کۆچی بووە ساڵی کۆبوونەوەی موسڵمانانو لاپەڕەی ئاژاوە داخرا.

١) بەڵێنامەکە لە ناوچەی (اذرح) بوو ـ نزیك بەتراء ـ لە موحەڕڕەمی ساڵی ٣٨ ك (البلاذري: أنساب الاشراف ج٢، ١ ص٣٤١) پێش شەڕی نەهرەوان کە لە ٩ی سەفەری ساڵی ٣٨ ك ڕوویدا (البلاذري: أنساب الاشراف: ج٢، ١ ص٣٦٢).